

فـەهـد گـردەوانـی

# گیراوەکانی وەزارەتی ناوخۆ

دوێنێ 2005/11/16 ئاژانسەکانی دەنگوباس بڵاویان کردەوە کە وەزارەتی ناوخۆی عێراقی ئەشکەنجەی گیراوەکانی کردووە...هەندێک وێنەی زیندانەکان نیشان دران کە جێگا و شوێنی ئەشکەنجە و لێدانی پێوە دیاربوو...کاری ئاوا کە دژی مافی مرۆڤە ، پێویستە بخرێتە بەر چاوان و رێگا نەدرێ مافی مرۆڤ پێشێل بکرێت ... ئەوەی جێگای باسەکەی منە ، دەمەوێ سەرنجی کورد بۆ راکێشم کە هەتا ئەمڕۆکە دەزگای بڵاوکردنەوەی عارەبی و ئیسلامی لە عێراقدا بۆی نەکراوە کارێکی ئاوا نامرۆڤانە ئاشکرابکات و ریسوای بکات ، هەتا ببێتە تاقە سەرچاوەی هەواڵ بۆ ئاژانسەکانی جیهان... کاتێک تاوانی زیندانیانی ئەبوغرێب نیشان درا هەر ئاژانسەکانی ئەمریکا و ئەوڕوپایی بوون ئەو کارەیان ریسوا کرد ، پاشان ئێسگەی الجەزیرە و العربیە و العالم و ..هتد وەکو بەبەغا وێنە و هەواڵەکانیان بڵاو دەکردەوە ، ئەمجارەش هەر ئاواى لێهات و ئێستاکەش وا کەناڵەکانی الجزیرە و العربیە بۆ گیراوەکان دەگرێن و باسی مافی مرۆڤ دەکەن ، ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە گیراوەکان دەخەنە پاڵ گروپی سونە...بەنزین بە ئاگری تایفەگەری دادەکەن چونکە بەیان سولاخە شیعەیە...لەباسی شاری کەرکوکیش باسی چەوساندنەوەی عارەبان دەکەن و هاواریان ئەوەیە کورد عارەبی چەوساندۆتەوە...کارێکی تر کە بووە دەنگدانێکی ئێجگار زۆر باسکردنی ئەو شوێنانەیە کە {CI A}دایمەزراندووە لە ئەوروپا و بۆ گواستنەوەی گیراوەکان و چۆن سێ فرۆکەش لە خاکی سوێد نیشتووە کە ئەمەش پێشێلکردنی مافی مرۆڤە ، بەڵام دیسان کەناڵەکانی عارەبی کە هەردەم خۆی کردووە بە پارێزەری ئەو تێرۆریست و شۆڤینانە لە گوێی گادا نووستوون و یەک جار چی یە نەبوونە کۆگای دەنگوباسی ئاوا سەرنج راکێش...باسی هەردوو کەناڵە ئاسمانیەکەی حکومەتی سلێمانی { KURDsat } + حکومەتی هەولێر { KurdistanTV } ناکەم چونکە هەواڵی یەکتریش بڵاوناکەنەوە ، جا چۆن ئەو باسانە دەورژێنن ...بۆ ئەوەی کوردی هەندەران بزانێ لە شاری سلێمانی چی رویداوە دەبێ سەیری کەناڵی کوردسات بکات و بۆ ئەوەی بزانی لە هەولێر و دهۆک چی دەگوزەرێ دەبێ سەیری کەناڵی کوردستان تیڤی بکەیت ...لە کوردسات سەرۆکی عێراق هێژا مام جەلال تاڵەبانی پێش هەواڵی سەرۆکی کوردستان نیشان دەدرێ و لە کوردستان تیڤیش سەرۆکی هەرێمی کوردستان هێژا کاک مەسعود بارزانی بەر لە سەرۆکی عێراق نیشان دەدرێ هەرچەندە ئەو {کوردستانە ئیقلیمە}...هەواڵەکانی تر یەکە یەکە بەدوای یەکتر دێت کەسیشیان باسی سەرۆکی حکومەتەکەی ئەم لا و ئەو لا ناکات ...بەرێز عومەر فەتاح لە کەناڵی کوردسات سەرۆک وەزیرە و بەرێز نێچیروان بارزانیش لە کەناڵی کوردستان تیڤی سەرۆک وەزیرە...هەردولا ئەگەر دیلیگاسیونی دەرەوەی کوردستانیش ببینێ ئەوەی تر باسی ئەوەکەی تر ناکات...دەبێ ئەو دیلیگاسۆنە رۆژی دواتر بچیتە سەردانی لایەکەی تر...گەلۆ کەی رۆژنامەنووسەکان و هەواڵ نووسەکان و نووسەران دەبنە خاوەن یەک قەڵەم لە کوردستان !!!!!!.

فـەهـد گـردەوانـی 2005/11/17ستۆکهۆڵم